







# مەرگی فلۆپی و لەدایک بوونی فلاش میمۆری

بۆ داکردنی داتاو راگرتن و پاراستنی فایل و پرۆگرامەکانی کۆمپیوتەر، چەندین ئامێر هەن.
مێــژووی کۆمپیوتەر وەك گرنگترین داهێنانی مرۆڤ تەنیا نیو ســەدە دەبــێ، بەڵام بەو مێژووە کەمەی کە هەیەتی گۆڕانکاری گرنگ لەو ئامێرانەی کە لە هەڵگری داتاوفایلەکان پێکهاتووە.





لەسەرەتادا بۆ راگرتنی فایلەکان لە شریتی ریکۆردەر سوود وەردەگیرا، بەڵام شریتی ریکۆدەر هەم داتایەکی زۆری لەخۆیدا هەڵنەدەگرت و هەم قەبارەکەشــی گەورە بوو، لەبەرامبەر سەرما و گەرماشــدا گونجاو نەبوو، دواتر فلۆپی دیســك داهێنرا، فلۆپی بە بەراورد بە شریت زۆر باش بوو، کێشــەکەی سووك بوو، داتایەکی زۆریشــی لەخۆدا کۆدەکردەوە. دواتر CD هاتە بەرهەم ئەویش بە بەراورد بە فلۆپی زۆر باشــتر بوو. لە سەرەتای ساڵی 2000دا فلاش میمۆری دروســتکرا، کە ئــەو کات قەبارەی هەڵگرتنی داتاکان لــە فلاش میمۆریدا لە 8 میگابایت تێنەدەپەڕی، بەڵام لە ماوەیەکی کەمدا فلاش میمۆری شــوێنی خۆی کــردەوەو رۆژ بەرۆژ قەبــارەی هەڵگرتنی داتاکان لە فــلاش میمۆریدا زیاتر بوو، تەنانەت ئێستاکە گەیشتۆتە 256 گیگابایت. چونکە فلاش میمۆری هەڵگرتنی ئاســانە و کێشەکەی ســووکە، گۆڕانکاری لە دیزاینی فلاشــدا کرا، بە جۆرێك هەرکەســە بەپێی زەوقی تایبەتی خۆی فلاش میمــۆری دەکڕێت. ئەوەی لێرەدا دەبینن چەندین وێنەی دیزاینی فلاش میمۆرییە.







## پرۆگرامی JetFlash Online Recovery بۆ چاککردنەوەی فلاش میمۆری تێکچوو



هــەروەك لەبابەتەکەی دیکەدا ئاماژەی پێکرا، فلاش میمۆری باشترین ئامێری راگرتنی داتا شەخسییەکانە، هەربۆیە ئێستاکە هەموو کەسێك فلاش میمۆری تایبەت بەخۆی هەیە، هەرچەندە گەر فلاش میمۆری بەباشــی رابگیردرێ ئەگــەری تێکچوونی کەمتــرە، بــەڵام گەلێك جاریــش هەبووە کە بەشــێوەیەکی لەناکاو فــلاش میمۆرییەکەتان تێکچــووە، یان گەر ویســتووتە فایلێکی تێدا کۆپی بکەی، کۆپی نەکراوە یا ئەو فایلانەی لەسەریەتی نەســڕاونەتەوە، یان هەر فلاشەکە لــە کۆمپیوتەردا خــۆی دەرناخات و چەندین گرفتی دیکەش. بەمەبەســتی چاککردنەوەی فلاش میمۆرییە تێکچووەکان باشترین پرۆگرام پرۆگرامــی JetFlash Online Recovery کــە دەکرێ بڵێیــن تاکو 90% توانــای هەیە فــلاش میمۆرییــەکان چاك بکاتەوە.

دوای دابەزاندنــی پرۆگرامەکــە لەســەر کۆمپیوتەر بێگومان دەبــێ هێڵی ئینتەرنێتت هەبێ، چونکــە ئەو پرۆگرامــە لە رێگەی ئینتەرنێتەوە فلاش میمۆرییەکە چاك دەکاتەوە. کارکــردن بەو پرۆگرامە زۆر ئاســانە و هیچ ئاڵۆزییەکی تێــدا نییە، تەنیــا ئەوەندە هەیە کــە دەبێ هێڵــی ئینتەرنێتــت هەبێ، دوای ئەوەی فلاش میمۆرییە تێکچووەکەت خســتە ســەر کۆمپیوتەر و پرۆگرامەکــەت کردەوە، پرۆگرامەکــە ئۆتۆماتیکی لــە ئینتەرنێتدا بەدوای ئەو فایلانەدا دەگەڕێ کە پێویستن بۆ چاککردنەوەی فلاشەکە.

## فلاش میمۆری هۆشمەند



فلاش میمۆری ئەو ئامێرەیە بــۆ راگرتنی داتا و فایلەکان ســوودی لێوەردەگیــری، تا نەیخەیــە ســەر کۆمپیوتەر نازانــدرێ کە چەندی شــوێن ماوە بۆ خەزن کــردن و چەندە لــە قەبــارەی بەتاڵــی ماوە، بەڵام ئــەو فــلاش میمۆرییە کە وێنەکــەی دەبینــن، بەبێ ئەوەی کــە لەکۆمپیوتەر بخرێ، دەزاندرێ کە چەندی پڕە و چەندی بەتاڵە، ئەو شاشــەی کە لەســەر فلاش میمۆرییەکەیە چۆنییەتی پڕی و بەتاڵی فلاش میمۆرییەکە نیشــان دەدا، رەنگی پەمەیی نیشــاندەری شــوێنی بەتاڵی فلاشەکەیە و رەنگی شینیش نیشاندەری قەبارەی داگیرکراو لە فلاشەکەیە.





# دەستبەند یان کاتژمێر



کاتژمێر یەکێك لە ئامێرە گرنگەکانی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤە، زانینی کات و سات بۆ مرۆڤ هەمیشە گرنگ بووە، هەربۆیەشە هەوڵیداوە ئامێرێك دابێنێ کە کاتەکانی بۆ دەست نیشان بکات، لەسەرەتادا لە سێبەر و پاشان لە ڕەمل و دواتر بەرەبەرە کاتژمێر خۆی لەسەردەمی دیجیتالیدا دیتەوە.

ئەوکاتژمێرەی دەیبینن کە لە ئاسن دروستکراوە، لەکاتی ئاساییدا تەنیا دەستبەندێکە، بەڵام هەرکە دەستت پێی کەوت چەند گلۆپێکی LED سوور هەڵدەبێ و کات نیشان دەدات. نرخی کاتژمێرەکەش زۆر لەسەرێ نییە تەنیا 15 دۆلارە.

# پێنووسێکی هۆشمەند بۆ ڕۆژنامەنووسان



کۆمپانیای livescribe پێنووسێکی هۆشمەندی بەرهەمهێناوە، ئەو پێنووسە دەتوانێ هەرچی پێی بنووسی وەك فایلێکی دەق لەخۆیدا خەزن بکات.

هەروەها ئەگەر لەکاتی نووسیندا، دەقەکەی خۆت بخوێنیەوە ئەو پێنووسە دەتوانێ دەنگی ئێوەش تۆمار بکات و بیکاتە فایلێکی دەنگی هاوپێچ لەگەڵ فایلە دەقیەکە.

بۆ سوود وەرگرتن لەو پێنووسە پێویستە پرۆگرامی livescribe لەسەر کۆمپیوتەرەکەت خەزن بکەی و فایلە تۆمارکراوەکە لەسەر پێنووسەکە بۆ سەر سیستەمەکە بگوازیەوە.



ئەو پرۆگرامە فایلەکانت بۆ ڕێك دەخات و هەروەها دەتوانی لەناو دەقی نووسینەکاندا بەدوای ئەو دەقەدا بگەڕێی کە مەبەستتە. هەروەها ئەو پێنووسە هۆشمەندە ڕۆژمێری لەگەڵدایە لەگەڵ پرۆگرامێکیش بۆ وەرگێڕانی دەقەکان.

قەبارەی داکردنی داتاکان لەو پێنووسە دوو جۆرە، دوو گیگابایتی و چوار گیگابایتی، پێنووسەکە بۆ ئەو نووسەر و ڕۆژنامەنووسانەی کە دەقەکانیان بەو پێنووسە دەنووسن زۆر بە سوودە، چونکە دواتر بێ هیچ چەشنە ماندووبوونێك دەکرێ دەقەکە نووسراوەکە بخەنە سەر کۆمپیوتەر.

# بۆ ئاگادار بوون لەماڵ و شوینی کارتان سەر لە سایتی www.vitamindinc.com بدەن

حەز دەکەی شوێنی کار یان ماڵەوەتان هەمیشە لەبەرچاو بێ، یان نیازت هەیە بۆ گەشتێکی چەند ڕۆژی ماڵەوەتان بەجێ بێڵێ، بەڵام حەزدەکەی بزانی کێ هاتووچۆی ماڵەوەتان دەکا، بۆ ئەم مەبەستە سەر لە سایتی www.vitamindinc.com بدە. کاتێك ناوی خۆت لەو سایتەدا نووسی دەتوانی بە وێب کەمی کۆمپیوتەرەکەت ئاگاداری ماڵەوەتان بی، جا لە هەر شوێنێکی جیهان بی. ئەو سایتە هەرکە دەرگا کرایەوە دەست دەکات بە گرتنی وێنە و گەر کردارێکی نامۆ و جێی گومان ببینێ، ئیمێلێکت بۆ دەنێرێ. لەو سایتەدا بۆ دانانی کامێرایەك بەخۆراییە، بەڵام گەر بتەوێ بیکەی بە چەند کامێرا، ئەوە پێویستە پارەیەك بدەی.

